# بیرمەند و نەناس!




کەرڕەی بەیانی، لە سەر بەرزترین لوتکەی شاخی وڵات، کە دەیڕوانییە شار و گوندەکان، بە گوریسێکی دەستچنی خۆماڵی، لەشی بیرمەند بە دارەمەیتەکەوە جرەبادە درابوو. دەوری بە کتێبەکانی خۆی تەندرابوو. لە چوارسووچی شاخ هەتا دەشتایی و ئەو شوێنەی چاو هەتەری دەکرد، خەڵک گەورە وبچووک، ژن و منداڵ، ماتڵ بوون، ئەوان وەشوێن نەناس کەوتبوون!

نەناس کە هیچ شتێکی لە خەڵکی وڵات نەدەچوو و بە زمانێکی نامۆ قسەی دەکرد، ببووە جێگای باوەڕ و چاوساخی خەڵک. سەیرێکی خەڵک و دەوروبەری کرد و هاتە پێش، ئەستوورترین کتێبی دەستنووسی بیرمەندی لە ناو کتێبەکان دەرکێشا، چووە ژوور سەری، چاوی لە چاوەکانی بڕی، لە بەر خۆیەوە ورتە ورتێکی کرد، کەس لێی تێنەگەیشت، کەسیش پرسیاری لێنەکرد، ئەوجا بە هەموو هێزیی خۆی، کتێبەکەی کوتایە سەری بیرمەند، هێندێک وێستا، سەیری خەڵکەکەی کرد، دەنگ لە کەسەوە دەرنەهات، هەناسەی بیرمەند لە سەر دارەمەیتکە، دەبیسترا! نەناس ئەوجا بە کتێبەکە کەوتە کوتانی گیانی بیرمەند، هەر لە سەر هەتا قولاپەی پێ!

بە لاساییکردنەوە لە نەناس، لە هەرچوارسووچەوە خەڵک ڕژانە سەر بیرمەند، کە لە خۆیان بوو. خەڵک بە قین و نیفرەتێکی زۆرتر لە نەناس، کەوتنە گیانی بیرمەند و وشەکانی نەناسیان دووبارە دەکردەوە، کە ماناکەیان نەدەزانی!

خۆر گەیشتبووە تاقی ئاسمان و ڕووناکی خۆی خستبووە سەر لەشی بێ گیانی بیرمەند و کتێبە شەڵاڵی خوێن کراوەکانی!

خەڵک لە ناکاو لە چوارسووچەوە هێرشیان کردە سەر مەیتی بیرمەند و کتێبەکانی کە بە زمانی ئەوان و بۆ ئەوانی نووسیبوو!

دوای ئەوان کۆمەڵێک چراگەرچەک بە دەست، وەک ئەوەی خۆیان لە گوناە پاک کەنەوە، ڕۆن گەرچەکیان بە سەر کتێبەکان و جەستەی بیرمەندا، قلْپ کردەوە و هاوکات ئاگریان هاویشتە ناو.

لە چاوتروکاندنێکدا، ئاگر بەرەو ئاسمان بڵێسەی ساند، خەڵک لە خۆشیان بازنە بازنە لە دەوری ئاگر کەوتنە سەما و هەڵپەڕکێ. کابرای نەناس لە خۆشیان قاقا پێدەکەنی.

لە دوور دوورەوە ئێستاش دەنگیان دەبیسترێ!

برایم فەڕشی